ژوری تویژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

## لێکەوتەو کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا

گەیلان عەباس



تەموزی ٢٠٢٢

# هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

## لێکەوتەو کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا

نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان_گۆشەی سیاسی

**Email: research.gorran@gmail.com**

تەموزی ٢٠٢٢

پێڕست

**دەستپێک** ........ ٢

**تۆپ بارانەکەی گوندی پەرەخ و کاردانەوەکانی بەغداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی** ........ ٤

**مێژوی ئۆپەراسیۆن و هێرشەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان** ........ ١٠

**بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان** ........ ١٤

**ئامانجی تورکیا لەدروستکردنی بنکەی سەربازی لەنێو هەرێم و خاکی عێراقدا** ........ ١٩

**ئامانجی هێرش و بۆردومان و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان** ........ ٢١

**لێکەوتەو زیانی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان** ........ ٢٣

## دەستپێک

ماوەی ٣٩ ساڵە تورکیا بەردەوامە لەئۆپەراسیۆن و هێرش و بۆردومانەکانی، بۆ سەر ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش بەپاساوی پاراستنی سنورو ئاسایشی نیشتیمانی تورکیاو کەمکردنەوە مەترسییەکانی پەکەکە بۆ سەر وڵاتەکەی.

تورکیا تەنها لەماوەی دو ساڵی رابردودا، بەرەسمی پێنج ئۆپەراسیۆنی گەورەی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، لەوانەش ئۆپەراسیۆنەکانی (چنگی پڵنگ و چنگی هەڵۆ، چنگی هەڵۆ-٢، چنگی هەورە بروسکە، چنگی قفڵ). لەپاڵ ئەوەشدا بۆردومانی بەردەوامی فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی تورکیا، رۆژانە لێرەو لەوێ بەناوی هێرشکردنە سەر ئەندامانی پەکەکە، لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بەردەوامیان هەیە. سەرئەنجامی هەمو ئەمانەش، زیانێکی زۆری گیانی و مادیی بەر هاوڵاتیان و سروشت و سەرخان و ژێرخانی ئابوری و گەشتیاری هەرێمی کوردستان گەیشتوە. لەو نێوانەشدا گوندنشینان و هاوڵاتیانی سڤیلی ناوچە سنورییەکان، پشکی شێری قوربانیدانیان بەرکەوتەوە. تائێستا لەئەنجامی پەلامارو بۆردومان و هێرشە بەردەوامەکانی تورکیا، سەدان هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان بونەتە قوربانی.

لەدواین روداویشدا، سوپای تورکیا، سەیرانگایەکی گوندی پەرەخی سەر بەناحیەی دەرکاری لەزاخۆ تۆپبارانکرد. لەئەنجامدا ژمارەیەک هاوڵاتی سڤیل شەهیدو برینداربون. کەسەرجەمیان گەشتیاری بەرەگەز عەرەبی عێراقی بون. بەڵام ئەوەی ئەم هێرش و بۆردومانەی ناوچەی پەرەخی جیا کردەوە لەهێرشەکانی پێشوی تورکیا، بریتی بو لە گەورەی ئاستی کاردانەوەکان، بەتایبەت کە ئاستی کاردانەوەکان لەسنوری هەرێمی کوردستانەوە پەڕییەوە بۆ ئاستی عێراق و ناوچەکەو جیهان. ئەوەی ساڵانێکی زۆرە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان داوای دەکەن، ئەمجارە لەسەر ئاستی عێراقیش بەرەسمی داواکرا، ئەویش بریتی بو، لەداواکردن بۆ راگرتنی هێرشەکانی تورکیاو چۆڵکردنی خاکی کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاوە.

بەردەوامی و درێژەدانی تورکیا بەسیاسەتی پاوانخوازی و بەزاندنی سنورو زیادکردنی بنکە سەربەزییەکانی لەهەرێم و عێراق، مەترسییەکی ئاشکراو جدییە، لەسەر ئایندەی قەوارەی

هەرێمی کوردستان، هاوکات دەستدرێژییەکی ئاشکراشە بۆسەر خاک و سەروەری عێراق، لەئایندەشدا پێشبینی لێکەوتەو ئەگەری مەترسیداری لێ چاوەڕوان دەکرێت.

لەئێستاشدا بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی شەقامی عێراقی و ئەو کاردانەوەو هەڵوێستە نوێیانەی هێزە سیاسیەکانی عێراق. ئاماژەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێیە، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیاو هەرێمی کوردستان لەئایندەدا.

هەوڵدەدەین لەم لێکۆڵینەوە شیکارییەدا تیشک بخەینە سەر کۆمەڵێک لایەنی پەیوەست بەم بابەتەوە، لەوانەش (مێژوی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان، پێگەی سەربازی تورکیا لەئێستای ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا، گفتوگۆکردن دەربارەی ئامانج و پلان و ستراتیژی تورکیا لە ئەنجامدانی ئەم هێرش و ئۆپەراسیۆنانە بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی هەرێم، زیان و لێکەوتەکانی ئەم هێرشانە، کاردانەوە عێراقییەکان بەرامبەر هێرشەکانی ئەم دوایەی گوندی پەرەخ لەلایەن تورکیاوە، لەگەڵ دارشتنی چەند سیناریۆو ئەگەرێکی چاوەروانکراو لەبارەی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا لەماوەی داهاتودا ... ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە)، لێرەدا سەرنجیان دەخەینە سەرو گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین.

## تۆپ بارانەکەی گوندی پەرەخ و کاردانەوەکانی بەغداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

رۆژی چوارشەممە ٢٠ی تەموزی ٢٠٢٢، سوپای تورکیا بۆردومانی ناوچەی گەشتیاری گوندی پەرەخی شارۆچکەی دەرکاری کرد، لەئیدارەی زاخۆ. بەهۆیەوە ٩ گەشتیار شەهیدبون، لەنێویاندا منداڵێک هەبو، ٣٣ کەسی دیکەش بریندار بون.

روداوی تۆپبارانەکەی گوندی پەرەخی زاخۆ جیاواز لەتۆپباران و بۆردومانەکانی پێشوی تورکیا، ئەمجارە رای گشتی عێراقی جوڵاند، بەجۆرێک سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق و زۆرینەی سیاسییەکانی عێراق و هەرێم و پارتە سیاسیەکان و هاوڵاتیان، بەیەک دەنگ وێرای سەرکۆنەی روداوەکە، داوایان کرد چیتر عێراق نەبێتە گۆرەپانی ململانێ، عێراقیش بەکۆمەڵێک هەنگاوی کرداری، وەڵامی هێرشەکانی تورکیا بداتەوەو تورکیاش خاکی عێراقیش بەجێبهێڵێت.

مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە هەژماری فەرمیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەردا نوسی:"دوبارە هێزەکانی تورکیا پێشێلکارییەکی زەق و ئاشکرایان لە دژی سەروەری عێراق و ژیان و ئارامیی هاوڵاتییانی عێراق ئەنجامدا، دوای بە ئامانجگرتنی هاووڵاتییانمان لە یەکێک لە سەیرانگە گەشتیارییەکانی سەر بە پارێزگای دهۆک لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە رێگەی تۆپبارانەوە. شەهید و بریندار لەنێو هاووڵاتییە بێتاوان و سڤیلەکانمان کەوتەوە، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. ئەم دەستدرێژییە درِندەیە دەیسەلمێنێت لایەنی تورکی بەهیچ شێوەیەک گوێی بە داواکارییە بەردەوامەکانی عێراق نادات بۆ راگرتنی پێشێلکارییە سەربازییەکانیان بۆسەر خاکی عێراق و ژیانی هاووڵاتییان. ئەم هەڵوێستە پێشێلکردنی بنەماکانی دراوسێی باش و گوێنەدانە بە رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندیی و هاوئاهەنگییە هاوبەشەکان عێراق مافی وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی تەواوی هەیە بۆ هەر جۆرە دەستدرێژییەک و هەموو جۆرە کردار و رێکارێکی پێویست لەخۆدەگرێت بۆ پاراستنی گەلی عێراق"

لەلایەکی دیکەوە، موقتەدا سەدر، رێبەری رەوتی سەدر لەتویتێکدا رایگەیاند:"تورکیا ئەوەندەی دیکەی خۆی" قێزەون" کرد بە گومانی ئەوەی عێراق توانای کاردانەوەی نییە، تەنیا لە رێگەی سەرکۆنەی بێ دەسەڵاتانە نەبێت لەلایەن وەزارەتی دەرەوە. هەموو دەستدرێژییەک بۆ سەر

پارێزگاکانی باکور و هەرێمی کوردستان لەنێوخۆ و دەرەوە چیتر ئارامی لەسەر ناگیرێت. بۆیە پێویستە لەدژی تورکیا چوار رێکار بگیرێتەبەر. رێوشوێنەکان بریتین لە کەمکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لەگەڵ تورکیا، داخستنی فڕۆکەخانە و دەروازە سنورییە وشکانییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، بەرزکردنەوەی سکاڵا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بە زووترین کات، هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە ئەمنییەکان لەگەڵ تورکیا.

موقتەدا سەدر لەتویتەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو هەنگاوانە کاتێک بیگرێتەبەر، ئەگەر تورکیا بەڵێن نەدات بەوەی خاکی عێراق بۆردوومان ناکاتەوە تەنیا لە دوای ئاگادارکردنەوەی حکومەتی عێراق و پەنابردنەبەری نەبێت، ئەگەر هەڕەشە لەسەر سنورەکەی هەبێت.

دوای روداوەکە، فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق لەشوێنی روداوەکەوە رایگەیاند:"بەپێی ئەو زانیاریانەی پێمان گەیشتووە تۆپبارانی ئەو شوێنە گەشتیارییە بەتۆپهاوێژ لەلایەن تورکیاوە کراوەو بە چوار تۆپ کراوەتە ئامانج، بەوهۆیەوە نۆ کەس شەهید بوون کە لەنێوانیان منداڵ هەیە، لەگەڵ برینداربوونی ٣١ کەسی دیکە ".

فوئاد حوسێن، داوای لە تورکیا کرد سەرجەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە خاکی عێراق رابگیرێت و داوای لێبووردن لە گەلی عێراق بکات و قەرەبووی کەسوکاری شەهیدان و برینداران بکاتەوە. هاوکات راشیگەیاند:" حکومەتی عێراق سەرجەم رێکارە دیپلۆماسییەکان دەگرێتەبەر بۆ وەستاندنی ئەو ئۆپەراسیۆنانە لەنێو خاکی عێراقدا".

چەند کاتژمێرێک دوای روداوەکەش، سەدان خۆپیشاندەر چوونە بەردەم باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغداو دوای زیاتر لە سێ کاژێر لە نارەزایەتی، مۆڵەتی ٣٠ خولەکیان بە هێزە ئەمنییەکاندا کە ئەگەر ئاڵای تورکیا نەهێننە خوارەوە، ئەوا هێرش دەکەنە سەر باڵیۆزخانەکەو خۆیان ئەو کارە دەکەن. مۆڵەتەکە هێشتا تەواو نەببوو، لەژێر گوشاری خۆپێشاندەراندا ئاڵای تورکیا لەسەر باڵیۆزخانەکەیان هێنرایە خوارەوە.

دوای داگرتنی ئاڵاکە، خۆپێشاندەران دوایان لەحکومەتی عێراقی کرد بۆ نواندنی هەڵویست و وەڵامی کرداریی، تائاستی پچڕانی هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ تورکیادا. بەشێکی دیکەش

داوای بایکۆتکردنی هەموو خواردن و کاڵایەکی تورکیان دەکرد، بەشێکی دیکەش داوایی داخستنی سەرجەم دەروازە سنورییەکان دەکرد بەروی تورکیادا.

هاوکاتی خۆپیشاندانەکەی بەغدا، لە کەربەلا، نەجەف و بەسرە و بەشێکی دیکەی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، رژانە سەرشەقامەکان و بەسوتاندنی ئاڵاو وێنەی سەرۆکی تورکیا نارەزایەتی خۆیان دەربری.

هەر هەمان شەو ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق، لە راگەیێندراوێکدا هەشت بڕیارێکی دەرکرد. تیایدا داوا لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کرابو کە باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا بانگهێشت بکات و سەرکۆنەی عێراقی لەبارەی ئەو هێرشەوە پێ رابگەیێندرێت و لەهەمانکاتدا هەڵسووڕێنەری کاروباری عێراق لە ئەنقەرە بانگهێشت بکرێتەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن و راگرتنی رێوشوێنەکانی ناردنی باڵیۆزی نوێی عێراق بۆ تورکیا.هەروەرها بڕیادرا کە داوا لە تورکیا بکرێت بەفەرمی داوای لێبووردن بکات و سەرجەم هێزەکانی لەناو خاکی عێراق بکشێنێتەوە. هاوکات ئامادەکاری لەسنورەکان بکرێت بۆ بەرگریکردن لەخۆ، هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکات بۆ رێگری لەدەستدرێژییەکان، لەگەڵ ئامادەکردنی دۆسییەک بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتوەکان و تۆمارکردنی سکاڵا دژی تورکیا، لەکۆتای راگەیەندراوەکەدا هاتوە بەکارهێنانی خاکی عێراق بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکان و بوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکان و گرووپە چەکدارەکان لەسەر خاکەکەی رەتدەکرێتەوە".

رۆژێک دوای روداوەکە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند:"باڵیۆزی تورکیامان لە عێراق بۆ وەزارەت بانگهێشتکردووە و یاداشتی نارەزایەتی و سەرکۆنەی توندمان پێشکەشکردوە، سوپای تورکیامان بە بکەری روداوەکە ناساندووە، داوامان لە تورکیا کردووە سەرجەم هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە و داوایەکی فەرمیی لێبووردن بکات و قەرەبووی کەسوکاری شەهیدەکان و بریندااران بکاتەوە".

هەمان رۆژ چوار سەرۆکایەتیەکەی عێراق و سەکردەی هێزە سیاسیەکان کۆبوونەوە و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، لە هەوڵەکانیان بەردەوام دەبن بۆ پاراستنی سەروەری خاکی عێراق و تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای نێودەوڵەتی لە دژی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر خاکی عێراق.

لەلایەکی دیکەوە، ئەحمەد سەحاف، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ڕاگەیاند:"دیپلۆماسییەتی عێراق هەموو تواناکانی کۆکردووەتەوە و لە زۆربەی وڵاتانیشەوە پاڵپشتیی بۆ عێراق هەیە. ئەم دەستدرێژییە بە ئاسانی تێپەڕ نابێت و ئاستی گرژییەکان زۆر بەرزدەکەینەوە و وەڵامیان دەبێت. هەروەها هێزەکانی تورکیا هیچ کارێکیان لە عێراق نییە و هیچ هاوئاهەنگیشیان لەگەڵ حکومەتی عێراق نییەو دەبێت بکشێنەوە. پەکەکەش کێشەی تورکیایە و بۆ عێراق هەناردە کراوە، نابێت خاکی عێراق ببێتە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ. هەموو دەستدرێژییەکانی تورکیاشمان تۆمارکردون و لە ئەنجوومەنی ئاسایش بڵاویدەکەینەوە و راستییەکان پیشاندەدەین، عێراق بێدەنگ نابێ لەو دەستدرێژییە".

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەڵمانیا و ئەمەریکا هەر زوو سەرکۆنەی بەئامانجکردنی خەڵکی سڤیلیان کردو داوای لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی لایەنی بەرپرسیاریان کرد. وڵاتە عەرەبییەکانیش پاڵپشتیی و هاوسۆزی خۆیان بۆ عێراق دوپاتکردەوە.

ڕۆژی ٢٣ی تەموزی ٢٠٢٣ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەکۆبونەوە نائاساییدا تایبەت بە بۆردومانەکەی تورکیا کۆبویەوەو بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەبارەی روداوەکەوە.

هەمان ڕۆژ هەردو ژوری بازرگانی بەغداو کەربەلا لە دو راگەیەندراودا داوایان لە بازرگانانی شارەکانیان کرد چیتر کەلوپەلی تورکی هاوردەی شارەکانیان نەکەن و داوای لە هاوڵاتیانیشیان کرد کەبایکۆتی شمەکی تورکی بکەن، هەروەها چیتر سەردانی تورکیاش نەکەن، بۆ مەبەستی گەشتیاری یان چارەسەری پزیشکی یان هەرمەبەستێکی دیکە".

کاردانەوەکان بەردەوامن، بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٧ی تەموز، لەسەر داواو سکاڵای وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆبونەوەیەکی بەپەلەی لەبارەی بۆردومانەکانی ئەم دواییانەی تورکیا بۆسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.

لە کۆبونەوەکەدا، فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق لەوتارێکدا رایگەیاند:" تورکیا رێز لەسەروەری خاکی عێراق و ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی ناگرێت، هاوکات پێشێلی یاسای

مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی تایبەت بە هەبونی پەیوەندییەکی دراوسێی باش دەکات و دەستدرێژیش دەکات بۆسەر بنەماو ئامانجەکانی میساقی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان".

دەربارەی هێرشەکەی گوندی پەرەخیش رایگەیاند:"لە لێکۆڵینەوەکانی عێراقدا بەرونی دەرکەوتوە، سوپای تورکیا لەرێگەی تۆپی قورسی جۆری ١٥٥ ملیمی، هێرشە دوژمنکارانەکەی دژی هاولاتیانی سڤیلی عێراق ئەنجامداوە. هاوکات ئەو ناوچەیەی تۆپبارانکراوە ناوچەی شەڕی نێوان تورکیا و پەکەکە نەبووە. وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٨ بە دواوە ٢١٦ جار داوای لەوەزارەتی دەرەوەی تورکیا کردووە ئەم پێشێلکارییانە بووەستێنێت. بەجۆرێک لەساڵی ٢٠٠٨ەوە ٢٢ هەزارو ٧٤٢ جار تورکیا پێشێلکاری بەرامبەر عێراق ئەنجامداوە".

فواد حسێن، لەبارەی هەبونی رێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ تورکیا رایگەیاند:"ئێمە هیچ رێککەوتنێکمان لەگەڵ تورکیا نییە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی ئەو وڵاتە لەناو خاکەکەمان. پێوسیتیشە تورکیاو پەکەکە شەڕی خۆیان ببەنە دەرەوەی خاکی عێراق، سوپای تورکیاش دەبێت بکشێتەوە لەعێراق، ئەوەی تورکیا لەئێستادا دەیکات کارێکی دوژمنکارانەیە بۆسەر سەروەری و ئاسایشی عێراق، هەروەها هەڕەشەیە بۆسەر یەکگرتویی خاکەکەی و پێشێلکارییە بۆسەر ئاسایشی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی".

فوئاد حسێن، لە کۆتایی وتارەکەیشدا بەچوار خاڵ داواکاری عێراقی گەیاندە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش و داوایکردبریارێک دەربکەن تیایدا سوپای تورکیا ناچاربکەن تەواوی خاکی عێراق چۆڵ بکەن، چونکە ئەو هێزە بەبێ هیچ رێکەوتنێک و رەزامەندی حکومەتی عێراق هاتونەتە خاکی عێراقەوە، بونیشیان لەعێراقدا جۆرێک لەنائارامی و بۆ دۆخی ئاسایشی عێراق دروستکردوە. داواشی کرد کە هێرشە دوژمنکارانەکەی سەر عێراق بە توندی سەرکۆنە بکرێت، ئەوانەش بەرپرسن لەئەنجامدانی هێڕشەکە کاهاولاتیانی سڤیلی کردوەتە ئامانج، بە توندی سزابدرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە تیمێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆ بۆلێکۆڵینەوە لەهێرشە دوژمنکارانەکە پێکبهێندرێت. لەخاڵی سێهەمدا داوایکرد لەنێو ئەجێندای کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش خاڵێک تایبەت بەعێراق و تورکیا زیاد بکرێت، بەهۆی بەردەوام دوبارەبونەوەی بەردەوامی پێشێلکارییەکانی تورکیا دژی

سەروەری خاک و ئاسمانی عێراق و ئەو هێرشانەی کە لەرێگەیەوە هاوڵاتیانی عێراق دەکەنە قوربانی. دواجار داوایکرد کە حکومەتی تورکیا ناچار بکرێت قەرەبوی هەمو ئەو زیانە گیانی و مادییانە بکاتەوە کە بەر خەڵک و ناوچە گەشتیارییەکە کەوتون لەئەنجامی هێرشەکە.

لەبەرامبەردا، ئونجو کێچەلی جێگری باڵیۆزی تورکیا لە نەتەوە یەککگرتووەکان، رەتیکردەوە کەئەوان هێرشی ناوچە گەشتیارییەکەی گوندی پەرەخیان ئەنجامدابێت و باسی لەوەکرد کە ئەوان راستەوخۆ لە دوای هێرشەکان پەیوەندیان بەحکومەتی هەرێم و عێراقەوە کردوەو ئامادەی خۆیان بۆهاوکاری و دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی هێرشەکە دەربڕیوە، هاوکات لەراگەیەندراوێکدا رەتیشیان کردوەتەوە تورکیا ئەنجامدەری ئەو هێرشانە بێت. بەڵام فواد حسێن وەڵامی دایەوە و رایگەیاند، "ئێمە لە میدیاکانەوە گوێمان لەوە بووە و هیچ وەڵامێکی فەرمیمان لەتورکیاوە پێ نەگەیشتووە."

ئونجو کێچەلی، لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەربارەی بونی هێزی تورکیا لەعێراق باسی لەوەکرد کەتورکیا هەمیشە پاڵپشتی یەکێتی و سەروەری عێراق بوە، بەڵام ئەوەی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراقی پێشێلکردوە، پەکەکەیە نەک تورکیا. پاساوی بونیشیانی لەعێراق بۆ ئەوە گێڕایەوە کە عێراق ناتوانێت بەسەر پەکەکەدا زاڵ ببێت و یاخود نایەوێت شەری پەکەکە بکات و لەعێراق بیانکاتە دەرەوە، ئەمەش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وادەریدەخات کە عێراق پاڵپشتی پەکەکە دەکات، چونکە بەو هۆیەوە پەکەکە توانیویەتی کۆنترۆڵی ١٠ هەزار مەتر چوارگۆشەی خاکی عێراقدا بکات و لەوێوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی تورکیا دروست بکات. بۆیە تورکیا لەپێناو ئارامی سنورو ئاسایشی وڵاتەکەی هاتوەتە خاکی عێراق، لەوەها دۆخێکیشدا عێراق ناتوانێت لۆمەی تورکیا بکات و زۆری لێبکات لەبەکارهێنانی مافەکانی بۆ بەرگریکردن لە خۆیی".

دوابەدوای قسەکانی نوێنەرانی عێراق و تورکیا و جێنین پلاسخارت نێردەی تایبەتی نەتەوە یەککگرتوەکان بۆ عێراق، هەریەک لەنوێنەرانی وڵاتانی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش (ئەمەریکا، فەرەنسا، روسیا، بەریتانیا، چین، ئەلبانیا، بەرازیل، ئیمارات، ئیرلەندا، گابۆن، هیندستان، نەرویج، غانا، مەکسیک، کینیا). لای خۆیانەوە ئیدانەی هێرشەی هاوینە هەواری

پەرەخیان کردو داوای لێکۆڵینەوەی گشتگیری نێودەوڵەتییان کرد دەربارەی هێرشەکە، هاوکات هاوخەمیان بۆ عێراق دەربری و هیوای چاکبوونەوەیان بۆ برینداەرکان خواست و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ سەروەری خاکی عێراق و ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری عێراق دوپاتکردەوە.

هەرچەندە پیشتر، فواد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق رایگەیاندبو کە کاردەکەین لەسەر باوەڕهێنان بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ دەرکردنی بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی تورکیا لەناو خاکی عێراقدا، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەربارەی ئەو پرسە هیچ بڕیارێکی دەرنەکرد.

## مێژوی ئۆپەراسیۆن و هێرشەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان

تورکیا لەساڵی ١٩٨٣ رێککەوتنێکی ئەمنی لەگەڵ حکومەتی عێراق واژۆکرد. ئامانجی رێککەوتنەکە لەوکاتدا بۆ پاراستنی سنورو راگرتنی چالاکیی جوڵانەوە کوردییەکان بو لە باکورو باشوری کوردستاندا. بەپێی رێککەوتنەکە، هەردولا رێککەتبون لەسەر ئەوەی کەلەکاتی پێویستدا بتوانن تا (١٠) کیلۆمەتر بچنە قوڵایی خاکی یەکترە، بەتایبەت لەکاتێکدا کەروبەروی هێرش و مەترسی هێزە چەکدارە کوردییەکان بونەوە. دواتر لەئازاری ساڵی ١٩٨٣ سنوری رێککەتنەکە بەرفراوانکراو ناوی لێنرا رێککەوتننامەی (هاریکاری ئاسایش)، ئەم رێککەتنە رێگای بەتورکیا دەدا کەلەکاتی پێویستدا بەقوڵایی (٣٠) کم بێتە ناو خاکی عێراقەوە.

تورکیا پشت بەست بەم رێککەوتننامەیە، یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی خۆیی لە ٢٥ ئایاری ١٩٨٣ بەبەشداری (٧) هەزار سەرباز دەستپێکرد، لەژێرناوی (ئۆپەراسیۆنی چاودێریکردنی گەرم)، لەو ئۆپەراسیۆنەدا زیاتر لەپێنج کیلۆمەتر سنوری هەرێمی کوردستانی عێراقیان بەزاند.

دواتر لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ رێککەوتنێکی دیکەیان واژۆکرد بەناوی رێککەوتننامەی راونان، بەپپی ئەم ریککەتنە هەردولا رێککەوتن بۆماوەی سێ رۆژ لەکاتی پێویستدا بەقوڵایی (٥) کم بچنە ناوخاکی یەکتر بۆ راوەدونانی هێزە چەکدارەکان.

ئۆپەراسیۆنەکانیش بەردەوامیان هەبو، بەڵام یەکەم ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی تورکیا لە ١٢ی ئابی ١٩٨٦ لەناو خاکی عێراق و هەرێم دژی چەکدارانی پەکەکە ئەنجامدرا.

روداوەکانی ساڵانی ١٩٨٨تا١٩٩١، خۆیان بینییەوە لە کۆتایهاتنی شەری ئێران عێراق، داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق، دواتر گەردەلولی بیابان دژ بەعێراق لەکوەیت و سەپاندنی گەمارۆی نێودەوڵەتی بەسەر عێراقدا. ئەم دۆخە هەلی بەخشییە تورکیا کە سود لەبۆشایی ئەمنی سەر سنورەکان وەربگرێت و جارێکی دیکە دەستیکردەوە بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنور. بەتایبەتیش پاش سەپاندنی بریاری دژە فرین بەسەر عێراقدا لەلایەن هاوپەیمانانەوە، دواتریش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دروستبونی پەیوەندی لەو نێوانەدا.

ئەوەبو ئۆپەراسیۆنی (سوپەرگە- گسک لێدان) لەمانگی ئابی ١٩٩١ دەستیپێکردو تا تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بەردەوام بوو. بەماوەیەکی کەم لەهەمان مانگدا جارێکی تر تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی دیکەی ئەنجامدا، تیایدا نزیکەی (١٥ هەزار) سەربازی تورک بەشداریان تێداکردو بەقوڵای (١٥) کم هاتنە ناو خاکی عێراق، ئەم ئۆپەراسیۆنە تا هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی دوەمی ١٩٩٢ بەردەوام بو.

تورکیا لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٤ بەردەوام بو لە لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوری ٢٨ی کانونی دوەمی ١٩٩٤ دژی کامپی زەڵێ یەکێک بو لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکان کەتیایدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی شەهیدو برینداربون.

تورکیا لەئازاری ١٩٩٥ ئۆپەراسیۆنی (چەلیک-ئاسن-پۆڵا)ی بەبەشداری نزیکەی (٣٥ هەزار) سەرباز، بەپاڵپشتی تۆپو دەبابە، بۆسەر خاکی هەرێم ئەنجامدا. لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەقوڵای (٤٠) کم هاتنە ناوخاکی هەرێمی کوردستان و بۆ یەکەمجار تورکیا تا سنوری رۆژئاوای سوریا رۆشت و نزیکەی (٤٥) رۆژ ئۆپەراسیۆنەکەیان بەردەوام بو.

دوای ئەم ئۆپەراسیۆنە، هەر لەهەمان ساڵدا تورکیاو عێراق رێککەوتننامەیەکی دیکەیان واژۆکرد، کەتیایدا رژێمی سەدام حسێن رەزامەندی پیشاندا کەتورکیا دەتوانێت تاقوڵایی ٢٠کم چوارگۆشە، بۆ لەناوبردنی چەکدارانی پەکەکە، بێتە ناو خاکی عێراقەوە. تورکیا ئەم رێککەوتننامەیەی قۆستەوەو لەم رێگەیەوە ستراتیژی خۆی گۆری و لەپاڵ ئۆپەراسیۆنەکانیدا،

بەهەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد لەو سنورە، دەستیکرد بەدروستکردنی بنکەی سەربازی، لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان.

ئەوەبو لەساڵی ١٩٩٦ تورکیا پلانی روبەروبونەوەی لەدژی پەکەکە گۆڕی. بەجۆرێک کانونی دوەمی ١٩٩٦ تورکیا بە لیوایەکەوە هاتە نێو خاکی هەرێم و بەرەسمی دەستیکرد بەدروستکردنی بنکەی سەربازی و خۆجێگیرکردن لەناو قوڵای خاکی هەرێمدا. دواتر پشت بەست بەبونی سەربازییان لەناو هەرێمدا لەساڵی ١٩٩٧ ئۆپەراسیۆنی (چەکوش)یان ئەنجامدا. بەمجۆرە کۆی ژمارەی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا (ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی و وشکانی) لەسەر خاکی هەرێم، لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١ تا ٢٥ی ٥ی ١٩٩٧ گەیشتوەتە (٧٣) پرۆسە.

دواتر لەساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٠ ئۆپەراسیۆنەکانی (چەکیچی و مورادو سەندویچ)ی بەدوادا هات. لەگەڵ ئەنجامدانی هەر ئۆپەراسیۆنێکیشدا تورکیا زیاتر خۆی خزاندەوەتە خاکی هەرێم و ژمارەی سەربازو بنکەکانی زیاتر کردوە. لەوکاتەشەوە تا ئەمرۆ تورکیا بەردەوامە لەسەر ئەمجۆرە سیاسەتە. لەئێستاشدا بەگوێرەی زانیارییەکانی حکومەتی تورکیا، (٣٧) بنکەو بارەگای سەربازیان لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە. زانیاریەکانی دیکەش باس لەزیادبونی ئەو ژمارەیە دەکەن بۆ (٦٤) بنکەی سەربازی.

ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٧، ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنور راگیران، بەڵام لە٣ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٧ و لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئاکپارتیدا دوبارە هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا، بەهاوکاری فرۆکەی بێفرۆکەوانی ئەمەریکی دەستیانپێکردەوە. دواتر لە ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ تا ١ی کانونی ٢٠٠٨ تورکیا هێرش و ئۆپەراسیۆنی زەمینی بەرفراوانی بۆسەر ناوچەی خواکورک و هەرێمی زاپ ئەنجامدا.

پەلامارو بۆردومانەکانی تورکیا ناوە ناوە لەسنوری هەرێمی کوردستان بەردەوام بو، زۆرجار هاوڵاتیانی مەدەنیش دەکرانە ئامانج، لەنمونەی کۆمەڵکوژی ئەو خێزانە (٧) کەسییەی کە لەسەر رێگای کورتەک رانییە لە ٢١ی ئابی ٢٠١١ ئۆتۆمبێلەکەیان کرایە ئامانجی فرۆکەکانی تورکیاو سەرجەمیان شەهید بون، کەچواریان منداڵ بون.

لەساڵی ٢٠١٢ لەچوارچێوەی دەستپێکی پرۆسەی ئاشتیدا، پەلامارو هێرشەکانی تورکیا تارادەیەک خاوبونەوە و پەکەکەش ئاگربەستی ڕاگەیاند.

لە ٢٤ی تەموزی ٢٠١٥ جارێکی تر، تورکیا دەستیکردەوە بەهێرشی ئاسمانی و هەرێمەکانی (قەندیل، مەتینا، هەفتانین، ئاڤاشین، خواکورک، خنێرەو گارە)ی بە (٥٠) فرۆکە بۆردومانکرد. ئەم هێرشە هاوکات بو لەگەڵ هێرش و پاکتاوی سیاسی لەشارەکانی باکوری کوردستان، دژ بەچالاکوانانی کورد.

تورکیا لە ١٤ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧دا لە ناوچەی شەمزینانی جۆلەمێرگەوە، دەستی کردەوە بەهێرشکردن بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان و بە کۆپتەر ژمارەیەکی زۆر سەربازی لە ناوچەکانی (گەلیی رەش، چیای سیرۆ، چیای ئەڤدۆلکۆفی، ئاڤا حاجی بەگ) دابەزاندو بە قوڵایی (٣٠) کیلۆمەتر هاتە ناو خاکێ هەرێمەوەو لەناوچەی (لێلکان، چیادێڵ و چەند شوێنێکی تر) بنکەی نوێی سەربازیی دروستکرد. تورکیا بەردەوامبو لەئۆپەراسیۆنەکانی لە ٢٧ی ئایاری ٢٠١٩ ئۆپەراسیۆنی (پەنجە)ی بەهاوکاری فرۆکە جەنگیەکانی دەستپێکرد. لەهەمو ئەم هێرشانەشدا بەردەوام هاوڵاتیانی مەدەنی بونەتە قوربانی یەکەمی پەلامارو بۆردومانەکانی تورکیا.

ئەمینداری پێسوی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە (جەبار یاوەر) رایگەیاند:" لە ١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ەوە تاوەکو ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨، تورکیا (٣٩٨) جار هێرشی ئاسمانی و بۆردومان و (٤٢٥) جاریش بە تۆپخانەکانی هێرشی کردوەتە سەر ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و (٢٨٨) گوند لەو هێرشانەدا کراونەتە ئامانج".

لای خۆیەوە (ئەحمەد سەحاف)، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لەبارەی ئەوەی کەتورکیا بەپێی رێککەوتنەکانی پێشوی لەگەڵ حکومەتی عێراق، رێگەی بەخۆی داوە بێتە ناوخاکی عێراق، ناوبراو لەوبارەیەوە بەکەناڵی روداوی رایگەیاند:"لەئێستادا هیچ رێککەوتنێکی ئەمنی لەنێوان عێراق و تورکیادا بونی نییە. بونی پارتی کرێکارانی کوردستان لەعێراقدا بەهۆی هەڵەکانی رژێمی پێشووە، رژێمی پێشوو لەگەڵ تورکیا رێککەوتووە بۆ لێدان لە پەکەکە، ئەوەش رێککەوتن نەبووە، کۆنووسی لێکتێگەیشتنی هاوبەش بووە، لەوەشدا وا هاتووە کە

هەرکاتێک تورکیا بیەوێت ئۆپەراسیۆن بکات، دەبێت داوای مۆڵەت بکات هەموو جارێک. بەڵام ئەو لێکتێگەیشتنە لەگەڵ کەوتنی رژێمی پێشو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە هیچ کابینەیەکی حکومەتی عێراق "دانی پێدانەناوەو کاری پێناکرێت".

بەمجۆرە سوپای تورکیا ماوەی (٣٩) ساڵە بەپاساوی ئاسایشی نەتەوەیی و لەناوبردنی پەکەکە، بەردەوامە لەشکرکێشی و پەلاماری ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کردوە. لەم ساڵانەی دوایدا ستراتیژی خۆی گۆڕیوەو زیاتر دەستی بە دروستکردنی بنکەی سەربازی و هەواڵگری کردوە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا. ئەمە لەلایەک جۆرێکە لەپێشێلکاری یاسای نێودەوڵەتی و سەروەری عێراق، لەلایەکی دیکە هەنگاوێکی داگیرکارییە بۆمانەوە، هاوکات خواستێکە بۆ ئەوەی هەرکات ویستی لەنێو خاکی هەرێمەوە بتوانێت بەئاسانترین شێوە پەلاماری پەکەکە و کار بۆ خواست و ئامانجە ستراتیژییەکانی بکات.

## بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان

تورکیا چەندین ناوەندو بنکەی سەربازی ئاشکراو بارەگای نهێنی هەواڵگری لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، تا بەر لەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکەی رۆژی (١٥)ی حوزەیرانی (٢٠٢٠)، بەگوێرەی زانیارییەکانی دەزگاکانی نزیک لەپارتی کرێکارانی کوردستان، ژمارەی بنکەو بارگە سەربازی و هەواڵگرییەرکانی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان نزیکەی (٣٠) بنکەو بارەگای سەربازی بون، لەدیارترینیشیان بریتی بون لە:

(بنکەی سەربازیی باتوفا، بنکەی سەربازیی کانی ماسی (گردی باروخ)، بارەگای سەربازیی و لۆجستی و فڕۆکەخانەی بامەڕنی، بنکەی سەربازیی سنک، بنکەی سەربازیی بێگۆڤا (گردی بی)، بنکەی سەربازیی گەلیی زاخۆ، بنکەی سەربازیی سیرێ (شیلادزێ)، بنکەی سەربازیی سیرێ (شیرتێ)، بنکەی سەربازیی کوپکێ، بنکەی سەربازیی قمرێ لە بەرواری، بنکەی سەربازیی کۆخێ سپی، بارەگای سەربازیی چیای سەرزێڕی، بارەگای سەربازیی شارەدێی زێلکان لە بناری چیای مەقلوب، بنکەی سەربازیی باشیک (باشوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ)، بارەگای سەرێ دووپشک (گردی مەلا یەحیا)، بارەگای دێرەشیش، بنکەی سەربازیی چیادێل، بنکەی سەربازیی لێلکان، بارەگای سەربازیی چیای کتکین، بارەگای سەربازیی دەرگای


داوەتییە (هەفتانین)، بارەگای گردی پارتیزان لە هەفتانین، بارەگای گردی کۆنفرانس لە هەفتانین ...هتد).

بەڵام دوای دەستپێکردنی هەردو ئۆپەراسیۆنی (چنگی هەڵۆ و چنگی پڵنگ) لەرۆژانی ١٥و ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە لە باشوری کوردستان و ناوچەی هەفتانین لە سنووری زاخۆ. ژمارەی ئەم بنکە سەربازی و هەواڵگریانەی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان لەماوەی یەک مانگدا زیادی کرد بۆ (٣٧) بنکە. ئەوەبو رۆژی دووشەممە ٦ی تەموزی٢٠٢٠ سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا لە تویتەر، نوێترین نەخشەی هێزەکانی تورکیای لەسنوری هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە[١].

بەپێی نەخشەکە، دەردەکەوت کە تورکیا ٣٧ خاڵ و بنکەی سەربازی لەسنوری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بونیادناوەو هێزەکانی تیادا جێگیرکردوە.

بنکە سەربازییەکانی تورکیاش لە سنوری سۆرانەوە لە باکوری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە دەستپێدەکەن، تاوەکو سنوری زاخۆ لە باکوری رۆژئاوای هەرێمی کوردستان درێژ دەبنەوە، هاوکات سێ بنکەی سەربازیشی لە نزیک هەولێر و باشیک و دهۆک لەنەخشەکەی تورکیادا دەستنیشانکردبو. لەلایەکی دیکەوە نەخشەکەی تورکیا، ئەو شوێنانەشی دیاریکردبو کە وڵاتی تورکیا بە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدادیان دەزانێت، بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە.

١ نەخشەی بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرەی فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە تویتەر بڵاوکرایەوە، بەڵام دواتر بەهۆی رەخنەی توندی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتەو دروستبونی کاردانەوەی نێودەوڵەتی، دەربارەی پێشێلی سەروەری و یەکێتی خاکی عێراق لەلایەن تورکیاوە، نەخشەکەیان لەپەڕەکەداا سڕییەوە.




نەخشەی بنکە سەربازییەکانی ئێستای تورکیا کەلە تویتەری سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بڵاوکرایەوە

بەپێی ئەو نەخشە بڵاوکراوەی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، کەبەشێک لەبنکە سەربازییەکانی تورکیا، بەنزیکەی قوڵایی ٤٠ کیلۆمەتر خاکی هەرێمی کوردستانیان بەزاندوەو یەکە سەربازییەکانی تورکیا بەئاشکرا لە نزیک هەولێری پایتەختی هەرێم و نزیک شارەکانی زاخۆ و دهۆک و بەعشیقە بڵاوبونەوەتەوە.




لەمبارەیەوە وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەڕۆژی ٢٧ی ٦ی ٢٠٢٠ دانی بەو ڕاستیەداناو ڕایگەیاند:"سوپای تورکیا بە قوڵایی (٢٠ بۆ ٤٠) کیلۆمەتر و ئێران بەقوڵایی (١٠) کیلۆمەتر سنوری خاکی هەرێمی کوردستانیان بەزاندوەو بارەگای سەربازییان دروستکردوە".

لەلایەکی دیکەوە، تیمی کوردستانی عێراقیی ڕێکخراوی (CPT)ی ئەمریکی ڕایگەیاندوە: "تورکیا لەئێستادا (٥٥) بارەگا و (٩) بنکەی سەربازیی لە هەرێمی کوردستان هەیە و بە قووڵایی جیاواز لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک هاتووەتە ناوەوە. زۆرینەی ئەو بارەگا و بنکانە لە پارێزگای دهۆک بوون. دەشڵێت، لە کۆی (١٣٨) کەسی سڤیل کە بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکەوە کوژراون، (٧٨) یان لە پارێزگای دهۆک بوون، لە (٢٠٤) برینداریش (١٠٢) یان لەو پارێزگایە بوون".

کامەران عوسمان، ئەندامی تیمی کوردستانی عێراقی ڕێکخراوی (CPT) ی ئەمریکی لەبارەی شەڕی تورکیا و پەکەکە و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە تۆڕی ڕوداوی ڕاگەیاندوە: "تورکیا لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٧وە ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکەی بۆ ناوچەی سیدەکان لە پارێزگای هەولێر دەستپێکرد و بە قووڵایی (٣٥ بۆ ٤٠) کیلۆمەتر لە سیدەکانەوە هاتووەتە ناوەوە، دواتریش لە زاپ و ئاڤاشینەوە بە قووڵایی ١٩ کیلۆمەتر هاتووەتە پێشەوە و دوایین بارەگاشی لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە چیای کوڕەژارۆ جێگریکرد، پاشانیش لە حەفتانین بە قووڵایی (١٥) کیلۆمەتر هاتووەتە ناوەوە و لە بەرواریی باڵاش (١٢) کیلۆمەتر. ڕووداوەکەی ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگەی گوندی پەرەخ لە بارەگای سەربازیی خامتیرەوە تۆپباران هەبوو، کە (٩ بۆ ١٠) کیلۆمەتر لە خاکی تورکیاوە دوورە و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠ دوو بنکەی سەربازیی تێدا جێگیر کراوە".

بەپێی بەدواداچوونەکانی ڕێکخراوی CPT، ژمارەی بارەگا و بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان لەکاتی ئێستادا زیادی کردوە بۆ (٦٤) بارەگاو بنکەی سەربازی، (٥٥)یان بارەگاو (٩)یان بنکەی سەربازین، کە بەم شێوەیەش بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبون:

پارێزگای هەولێر: (١٤) بارەگای سەربازی، بەم شێوەیە دابەشکراون: سیدەکان: (١٢) بارەگا، مێرگەسۆر: (٢) بارەگا.

پارێزگای دهۆک: (٤١) بارەگای سەربازی، بەم شێوەیە دابەشکراون: ئامێدی، شێلادزێ، کانێ ماسی، بامەڕنێ و دێرەلووک: (٢٣) بارەگا.

ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ: (١٨) بارەگا

هەروەها (٩) بنکەی سەربازی هەن، کە شەشیان لە حەفتانین و سێیان لە سیدەکانن.

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی ٢٣ی تەموزی ٢٠٢٢ لەدانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی عێراق لەبارەی هێرش و تۆپبارانەکانی تورکیا بۆسەر گوندی پەرەخی زاخۆ. (عەبدولئەمیر یارەڵا) سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق ڕایگەیاند: "لەئێستادا زیاتر لە (٤ هەزار) سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستان هەیە. هاوکات زیاتر لە (١٠٠) خاڵی سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا

بونیان هەیە. تورکیا پێنج بنکەی سەربازی و ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان دروستکردوە، لەگەڵ بنکەی سەربازی زلیکان لە نەینەوا".

## ئامانجی تورکیا لەدروستکردنی بنکەی سەربازی لەنێو هەرێم و خاکی عێراقدا

دەسەڵاتدارانی تورکیا، لەکاتی دروستکردنی بنکە سەربازییەکانیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، لەلێدوان و قسەکانیاندا ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە (باکوری عێراق) هەرێمی کوردستان باخچەی پشتەوەی تورکیایە، بۆیە دەبێت بتوانین لەداهاتودا حوکم بەسەر هاتوچۆو جموجۆڵەکانی ئەو ناوچەیەدا بکەین. ئەوکات بوڵەند ئەجەویدی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، دەربارەی ئەم ستراتیژەی تورکیا رایگەیاند: "ئێمە لەرێگەی هێزەکانمانەوە لەباکوری عێراق ناوچەیەکی ئاراممان بەقوڵایی (٥-٣٠) کم دروستکردوەو نزیکەی (٨ هەزار) سەربازمان تێدا جێگیرکردون بۆ کۆنترۆڵکردنی جوڵەو بەرەنگاربونەوەی چالاکییەکانی پەکەکەو پاراستنی سنورەکانمان. لەداهاتوشدا زیاتر پەرە بەپرۆسە سەربازیەکانمان دەدەین لەنێو ئەو ناوچە ئارامەداو پێویستیش بکات لەداهاتودا هێزی زیاتری بۆ رەوانە دەکەین".


ئەم وتانەی ئەجەوید بەفیعلی کاری لەسەرکراو تورکیا پەرەی بەم سیاسەتەیداو رۆژ دوای رۆژ زیاتر خۆی خزاندە نێوخاکی هەرێمەوە، سنوری ئەو ناوچەی ئارامو پشتێنە ئەمنیەش کەهەوڵیان بۆدەدا زیاتر فراوانیانکرد. بەنمونە تورکیا لەئێستادا پشتێنەیەکی ئەمنی و سەربازیی لەسنوری تورکیاوە بە قوڵایی (٢٠ بۆ ٤٠) کیلۆمەتر لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا دروست کردوە. کەدەکرێت لێرەدا زۆر بەکورتی بەشێک لەئامانجە سەرەکییەکانی ئەم هەنگاوەی تورکیا بەمجۆرە بخەینەرو:

١. تورکیا ئامانجییەتی بەردەوام لەنێو هەرێمی کوردستان و عێراقدا تەواجودی هەبێت، هەم لەروی سیاسی هەم لەروی سەربازییەوە. لەئێستاشدا ئەمەی بەدیهێناوە. بۆیە هەروا ئاسان نیازی نییە ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکات و لێیان بکشێتەوە، مێژوش سەلماندویەتی هێزی تورکیا چوبێتە هەر ناوچو جێگەیەک، بەئاسانی دەستبەرداری نابێت و لێی ناکشێتەوە. رۆژانەش زیاتر پەلدەهاوێژێت و خاڵی چاودێریی و بنکەی سەربازیی دیکەش دادەمەزرێنێت. بێگومان ئەمەش جۆرێکە لەداگیرکاری. هاوشێوەی ئەوەی لە پارێزگای

ئیدلەبی سوریاو بەشێک لە ناوچەکانی باکورو رۆژهەڵاتی سوریا ئەنجامیداوە. لەوێشەوە مافی بە خۆی داوە راستەوخۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی سوریادا بکات.

٢. تورکیا بەفیعلی لەهەرێمی کوردستان لەروی هێزی سەربازییەوە تەواجودی هەیەو هەرکات بیەوێت لەناوجەرگەو قولایی کوردستانەوە پشت بەست بەو بونە عەسکەریەی کەهەیەتی، ئیعلانی ئۆپەراسیۆنەکانانی دەکات دژ بەپەکە، هاوشێوەی ئەو پێنج ئۆپەراسیۆنە ئاسمانی و زەمینیەی کەلەماوەی دو ساڵی رابردودا ئەنجامیداون. هاوکات هەر لەو رێگەیەشەوە دەستێوەردان دەکات لەنێو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا، بەتایبەت پەیوەست بەمەسەلەی تورکمانەکان لەهەرێم و عێراقدا.

٣. هەڵبژاردنی زۆرێک لە ناوچەکان بۆ دامەزراندنی بنکەو بارەگای سەربازیی لەلایەن تورکیاوە، لەنێو قولایی خاکی هەرێمی کوردستان، پەیوەستە بەگرنگی ستراتیژی ئەو ناوچانەوە، چونکە تورکیا دەیەوێت لەرێگەی بونی لەو ناوچانەدا، بەوردی ئاگاداری جموجۆڵ و پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاواو باشوری کوردستان بێت، لەلایەکی دیکەش دەخوازێت لەم رێگەیەوە هێڵی پەیوەندی و هاریکاری نێوان هێزەکانی هەسەدە لەباکورو رۆژهەڵاتی سوریا (رۆژئاوای کوردستان)، لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە لەناو سنوری هەرێمی کوردستاندا ببرێت. هاوکات جموجۆڵی نهێنی و رۆژانەی گەریلاکانی پەکەکەش سنوردار بکات.




نەخشەی پشتێنەی ئەمنی تورکیا لە زاخۆوە بۆ سۆران بەقوڵایی ٤٠ کم

## ئامانجی هێرش و بۆردومان و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان

تورکیا لایخۆیەوە بەردەوام رایگەیاندوە ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی، بریتییە لەشەڕو ڕووبەڕوبونەوەی پەکەکە، ئەوەش بەمەبەستی لەناوبردن و سنوردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە، لەنێو قوڵایی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش وەک ئامانجێکی سەرەکی و راگەیەندراو ئاشکرای ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا باس دەکرێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا، چەند ئامانجێکی دیکەی شاراوە و نهێنی و ستراتیژی تورکیا لەپشت ئەم هێرشانەوە خۆیان حەشار داوە، لەدیارترینیان پەیوەستە بەخواستی تورکیا بۆ پاوانخوازی و فراوانخوازی سنورەکانی و سەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا. بە واتایەکی دیکە خەونی گەڕانەوە بۆ دەستکەوتە مێژوییەکانی سەردەمی عوسمانی. لەم سەردەمەشدا هەنگاوە کردەییەکانی ئەم خواستەی تورکیا بەئاشکرا لەهێرش و لەشکرکێشییەکانی دیکەی تورکیادا بۆ

داگیرکردنی ناوچەکانی باکوری سوریا (رۆژئاوای کوردستان) و لەشکرکێشی تورکیا بۆ وڵاتی لیبیاو خواستی بۆ پەلاماردانی یۆنان و یارمەتیدانی ئازەربایجان دژی ئەرمەنستان بەئاشکرا دەبیندرێت. ئەوەشی پەیوەستە بەهەرێمی کوردستانەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا لەچەندین بۆنەداو بەئاشکرا و پشت بەست بەنەخشەی (پەیماننامەی عەهدی میللی)، ئەم ناوچەیە بەبەشێکی دانەبڕاو لە خاکی تورکیا دەزانن. لەم پێناوەشدا پەکەکە بوەتە باشترین پاساو بۆ ئەوەی تورکیا، بەناوی پاراستنی ئەمنی قەومی و ئاسایشی سنورەکانی و خۆپارێزی، لەماوەی (٣٧) ساڵی رابردودا بەبەردەوامی هێزی سەربازی رەوانەی خاکی کوردستان بکات. لەئێستاشدا بەفەرمی چەندین بنکەو بارەگای سەربازی و هەواڵگری تورکیا لەم سنورەدا دامەزرێندراون، رۆژانەش زۆر بەئازادانە لەم ناوچانەدا بەپێچەوانەی هەمو پرەنسیپێکی یاسای و نێودەوڵەتی، بەپشتگیری بۆردومانی بەردەوام، هێرش و ئۆپەراسیۆن و چالاکی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری ئەنجام دەدەن.

ئەم ئۆپەراسیۆنانەی تورکیا، لەدیوە شاراوەو ستراتیژیەکەیدا ئامانج لێی بەهێزکردن و سەپاندنی حزوری تورکیایە بەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش لەرێی ئەو ناوەند و بنکە سەربازیانەی کە لە ماوەی ساڵانی رابردودا تورکیا لەم هەرێمەدا دروستی کردون، واتە تورکیا دەخوازێت نفوزو دەسەڵاتی خۆیی لەکوردستان، وەک ناوچەیەک کەبەمافی دێرینی خۆیی دەزانێت، بەهێزترو جێگیرتر بکات و لەوێوە هەرکات ویستی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیکەی بدات، لەنمونەی هێرشکردنە سەر قەندیل و شەنگال لەداهاتودا.

لەلایەکی دیکەوە تورکیا ئامانجیەتی بەم هێرش و پەلامارانە تارادەیەک توانیویەتی لەنێو قوڵای خاکی هەرێمی کوردستاندا پشتێنەیەکی ئەمنی بەقوڵایی (٤٠ بۆ ٥٠) کیلۆمەتر و درێژایی زیاتر لە (٥٠) کیلۆمەتر دروستبکات. ئەمەش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی پەکەکەو دابڕینی هێڵی پەیوەندی لەنێوان قەندیل لەگەڵ شەنگال و رۆژئاواو باکوری کوردستاندا.

لەگەڵ هەمو ئەمانەدا، دەکرێت بڵێین ئامانجی کاتی تورکیا لەئەنجامدانی ئەم هێرشانەدا بۆ ئەوەیە کە لەرێی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە بتوانێت لەرێگەی میدیاوە توانا و هێزی تەکنەلۆژیای سەربازی خۆی لە ناوچەکەدا نمایش بکات. هاوکات پەیامێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بگەیەنێتە وڵاتانی ناوچەکەو جیهان بەتایبەتیش (عێراق و ئێران و ئەمەریکاو روسیا).

له دیوە ستراتیجیەکەشدا تورکیا ئامانجیەتی رۆڵ و پێگەی خۆی، لەنێو هاوکێشە و ململانێ سیاسی و هەرێمییەکانی ناوچەکەدا بسەلمێنێ و بسەپێنێت، بەدیاریکراویش لەنێو ململانێ سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی عێراق کوردستاندا... ئەمانەو چەندین خواست و ئامانجی دیکە.

## لێکەوتەو زیانی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان

١. تورکیا بەردەوام لەرێگەی ئۆپەراسیۆنەکانیەوە توانیویەتی ژمارەی هێزەکانی لەنێو خاک و سنوری هەرێمی کوردستاندا زیاد بکات، هاوکات توانیویەتی هەژمون و باڵادەستی خۆیی بسەپێنێت بەسەر ئەو ناوچانەی کەبنکەی سەربازی تیادا دامەزراندون لەنێو قوڵای خاکی کوردستاندا.
٢. ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا، دو ساڵی رابردوی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان، شتێکی نوێ نەبون بۆ تورکیا، بەڵکو درێژکراوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ساڵانی رابردوی بوە. هەر بۆیە لەواقیعدا ئۆپەراسیۆنەکان دەسکەوتێکی گەورەی سەربازی و ئەمنی و ستراتیژیان بۆ تورکیا بەدەستنەهێناوە.
٣. تورکیا لەماوەی دو ساڵدا ژمارەی بنکەو بارەگاکانی لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان لە (٣٠) بنکەوە زیادکردوە بۆ (٦٤) بنکە، ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ ئەوەی کە تورکیا دەیەوێت لەخاکی هەرێمی کوردستاندا بمێنێتەوەو دوای تەوابونی هەر هێرش و ئۆپەراسیۆنێک، جێ پێی خۆی زیاتر لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان جێگیرتر دەکات
٤. بەپێی زانیارییەکانی رێکخراوی CPT لەئەنجامی هێرشەکانی تورکیا، تاوەکو ئێستا ملیۆنێک و (٨٥٠ هەزار) دۆنم زەویی دارستان و پاوان و زەویی کشتوکاڵی سووتاون و

زیانیان بەرکەوتووە. لەو جێگایانەشدا تورکیا بەردەوامە لەدروستکردنی ڕێگەی ئۆتۆمبێل و دروستکردنی قەڵای سەربازی.

٥. بەپێی راپۆرتی لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ لەپەرلەمانی کوردستان، لەرۆژی ٢٧ی تەموزی ٢٠٢٠ سوپای تورکیا تەنها لە قەزای زاخۆ، بەدرێژایی (٤٠٠) کیلۆمەتر و قوڵایی (١٥) کیلۆمەتر هاتونەتە ناو سنوری ئەو قەزایەوە و تەنها لە رۆژی پێنجی حوزەیرانی ٢٠٢٠ نزیکەی (٦٦٩) تۆپ و (٧٠) موشەک و ئاڕاستەی گوندەکانی زاخۆ کراون. هەر بەپێی راپۆرتەکە؛ پێشتر لەو سنورە تەنها چوار بارەگای هێزەکانی تورکیا لەو هەبون، بەڵام ئەو ژمارەیە بۆ (١٨) بارەگا زیادیان کردوە.

لە راپۆرتەکەدا هاتوە؛ لە قەزای ئامێدی لە کۆی (٣٤٨) گوند (١٩٨) گوند چۆڵکراون، تا ئێستا لە سنوری قەزای ئامێدی (٢٨) شەهید و چوار بریندار هەبوە، ناحیەی چەمانکێ کە دەکەوێتە بەرواری ژێری لای چیای گارە نزیکەی (١٠٠) کیلۆمەتر لە سنوری تورکیا دورە (٧٢) گوندی هەیە، (٨٠%) گوندەکان چۆڵن.

لەراپۆرتەکەدا هاتوە لیژنە ناحیەی کانی ماسێ بەرواری باڵا نزیکەی (١٧) بنکەی لەشکری تورکیا لەناو خاکی کوردستان دانراوە، لە ناحیەی شێلادزی لە کۆی (٩٢) گوند نزیکەی (٨٥) گوند چۆڵکراون، لە ناحیەی دێرەلوک لە کۆی (٥٦) گوندو کۆمەڵگە تەنیا (١٤) گوند و دو کۆمەڵگە خەڵک تێدا نیشتەجێن.

ناحیەی دینارتە، لە قەزای ئاکرێ، زیانێکی زۆری بەرکەوتوە لە چوارچێوەی هێرشەکانی تورکیا، لە کۆی ٩١ گوند نزیکەی ٢٤ گوند چۆڵکراون.

سەبارەت بە سنوری پارێزگای هەولێریش، لە ناحیەی مێرگەسور (٥٥) گوند چۆڵکراون، لە چۆمان (١٥) گوند، لە ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران (١٠٤) گوند چۆڵکراون، سەرەڕای سوتانی پوش و پاوەن و رەزو و باخ و لەناوچونی هەزاران مەڕ و ماڵات لەوەڕگەیەکی زۆر لە تەواوی گوندو دەڤەرەکان، کەزیانەکانی بەدەیان ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت، بەگوێرەی راپۆرتی یەکە ئیدارییەکان.

٦. لەئەنجامی بەردەوامی بۆردومانەکانی تورکیا بۆ ناوچە سنورییەکان، ژمارەی قوربانیانی لەریزی هاوڵاتیانی سڤیل و گوندنشینانی ئەو ناوچانە لەبەرزبونەوەدایە. تیمی عێراقی

ڕێکخراوی (سی پی تی) دەربارەی ئاسەواری هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ٢٣ی تەمموزی٢٠٢٠ رایانگەیاند: "لەساتەوەختی راگەیاندنی هێرشی ئاسمانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ژێر ناوی چنگی هەڵۆ و چنگی پڵنگدا، زیاتر لە شەش هاوڵاتی مەدەنی شەهید بون و چوار هاوڵاتیش برینداربون، جگە لە سوتانی چەندین رەز و باخ و کێڵگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری هاوڵاتیان."

ڕێکخراوەکە ئاشکراشی کردوە لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٥)ەوە، فڕۆکە جەنگییەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و تۆپخانەکانی تورکیا بونەتە هۆی شەهیدکردنی زیاتر لە (٨٥)ی هاوڵاتی مەدەنی و بریندارکردنی زیاتر لە (٩٥) هاوڵاتی دیکە مەدەنی.

ڕێکخراوەکە ئاماژەی بەوەشکردوە، لەو (٨٥) هاوڵاتییەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردو شەهیدبون، (١٥) کەسیان تەنها لە شەش مانگی یەکەمی (٢٠٢٠)دا، شەهید کراون.

٧. دەربارەی ژمارەی هێرشەکانی تورکیاو ئێران بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند مانگی رابردو ژمارەی زیانەکان، جەبار یاوەر، ئەمینداری پێشوی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند:"لەماوەی شەش مانگدا واتە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ تاکو کۆتایی مانگی پێنج، (١٣٧) هێرشی ئاسمانی و زەمینی کراوەتە سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان، (١٣٥) هێرشیان لەلایەن تورکیاوە ئەنجامدراوەو (٨٥) جار لە ئاسمانەوە بوە، (٥٠) جار لە رێگەی تۆپهاوێژەکانەوە بوە، (٢) هێرشیشیان لەلایەن ئێرانەوە ئەنجامدراوە". جەبار یاوەر راشیگەیاندوە: "لە ماوەی تەنیا یەک مانگی هێرشەکانی تورکیادا، نزیکەی (١٠٠) گوند لە سنوری زاخۆ و ئامێدی بەهۆی بۆردومانەکانەوە بە تەواوەتی چۆڵکراون، پێشتریش نزیکەی (٤٥٠) گوند لەسەرتاسەری ناوچە سنوورییەکان چۆڵکراون و بە دەیان هاووڵاتیی سڤیلیش شەهیدبوون و رەز و باخی خەڵک سووتاون و مەڕومالاتی خەڵک کوژراون".

٨. سەرەرای بەردەوامی پەلامارو هێرشەکانی تورکیا، لەئاسمانەوە رۆژانە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بەردەوامن لەبۆردومان و پەلاماردانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، هەر لەناوچە سنورییەکان تا ناو شارو قەزاکان. لەنمونەی بەئامانجگرتنی چەندین ئۆتۆمبێلی

هاوڵاتیان، لەسنوری (دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەلارو شەنگال و مەخمور ...هتد). کەلەئەنجامدا دەیان کەس بونەتەقوربانی و شەهیدبون.

٩. بەپێی نوێترین ئاماری بەدواداچونی تیمی کوردستانی عێراقیی رێکخراوی (CPT)ی ئەمریکی لەبارەی شەڕی تورکیا و پەکەکە و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کامەران عوسمان، ئەندامی تیمی رێکخراوەکە بە تۆڕی روداوی راگەیاندوە "تورکیا لە ساڵی هەشتاکانەوە تاوەکو ئێستا (١٣) ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوەو لە ماوەی نێوان ئەو ئۆپەڕاسیۆنانەشدا کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆنی بچووکی هەبووە، بەپێی داتاکانی ئێمە کە بە ناو و تەمەن و وردەکاریی شوێنی ڕووداوەکانەوە لامان تۆمارکراون، لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٥وە تاوەکو ڕووداوەکەی ڕۆژی ٢٠ی تەممووزی گوندی پەرەخی شارۆچکەی دەرکاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، (١٣٨) کەسی سڤیل بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکەوە شەهید بوون، هەروەها (٢٠٤) کەسیش برینداربوون".

بەپێی بەدواداچوونەکانی ڕێکخراوە ئەمریکییەکە، ژمارەی ئەو کەسانەی سڤیل بوون و بەهۆی شەڕەکانەوە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٥وە تاوەکو ڕۆژی ٢٠ی تەممووزی ٢٠٢٢ کوژراون، بەم شێوەیە دابەشبوون:

کۆی گشتیی کوژراوەکان (١٣٨) کەس، شوێنی کوشتنەکانیش بەم شێوەیە بون: (پارێزگای دهۆک: (٧٨) کەس، پارێزگای هەولێر: (٤١) کەس، پارێزگای سلێمانی: (٦) کەس، قەزای شنگال: (١٣) کەس)

ژمارەی ئەو کەسانەی سڤیل بوون و بەهۆی شەڕەکانەوە بریندار بوون بەم شێوەیە دابەشبوون: کۆی گشتیی بریندارەکان (٢٠٤) کەسن، بەمجۆرە (پارێزگای دهۆک: (١٠٢) کەس، پارێزگای هەولێر: (٥١) کەس، پارێزگای سلێمانی: (١٩) کەس، قەزای شنگال: (٣٢) کەس).

## سیناریۆ و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان لەنێوان بەغداو ئەنقەرە

دوای رووداوی تۆپارانەکەی گوندی پەرەخ و شەهیدبون و بریندار بونی ژمارەیەک هاوڵاتی عێراقی، لەئێستادا هەست بەوە دەکرێت کەئاستی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو ئەنقەرە، دەچیتە قۆناغێکی دیکەوە، لەمبارەیەشەوە دەکرێت پێشبینی بۆ کۆمەڵێک سیناریۆ بکرێت لەبارەی داهاتوی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو وڵات و ئەگەری روودانی یەکێک یاخود دوان لەو سیناریۆیانە لەداهاتودا.

**سیناریۆی یەکەم: گوێنەدان بەنارەزایەتیەکانی عێراق و بەردەوامیدان بەهێرش و پەلامارەکان لەلایەن تورکیاوە**

یەکێک لە دیارترین سیناریۆکان، بریتیە لەبەردەوامیدان بە هێرش و بۆردومان و ئۆپەراسیۆنەکان لەلایەن تورکیاوە، لەسنوری هەرێمی کوردستان، واتە گوێ نەدان بەو نارەزایەتی و فشارە دیبلۆماسییانەی کە لەئێستادا عێراق دەستی داوەتێ، بۆ ناچارکردنی تورکیا بەدوای لێبوردن لەورووداوەو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و کشانەوە لەخاکی عێراقدا.

لەئێستادا ئەم سیناریۆیە لەئەرزی واقیعدا خۆیی نمایش دەکات، واتە سەرەرای هەمو ئەو لێکەوتانەی لەرووداوەکەی گوندی پەرەخ کەوتەوە، بەڵام تورکیا هێشتا لەجموجۆڵ و هێرشەکانی بەردەوامە. بەجۆرێک تەنها دوای سێ رۆژ لەو رووداوە فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی سنوری گوندی ماران لە بناری چیای گارا لە سنوری ناحیەی چەمانکێ. هەر هەمان رۆژ بەڕێوەبەری ناحیەی دەرکار رایگەیاند، جارێکی دیکە سوپای تورکیا بە تۆپ و دۆشکە شاخەکانی دەوروبەری گوندی پەرەخێی بۆردومانکردووە. دۆخەکە هەر لەم ئاستەدا نەوەستاوە، دوای رووداوەکەی پەرەخ، تورکیا لە باکوری پارێزگای دهۆک خاڵێکی دیکەی سەربازیان لەسەر گوندی سکیری و سێریکلی و کۆمەڵگەی کاوانی لە ناحیەی دێرلۆک لە ناحیەی ئەلعەمەدی دامەزراندوە.

بێگومان بەردەوامی ئەم دۆخە، کاردانەوەی دیکە، بەتایبەت لەسەر ئاستی ناخۆی عێراق بەدوای خۆیدا دێنێت. وەک نمونەی ئەو دو هێرشە رۆژی پێنج شەممەو رۆژی هەینی، واتە دوورۆژ دوای رووداوەکەی پەرەخ، کە کرایە سەر بنکەی سەربازی زێلکانی تورکیا لەناحیەی زێلکان.

هێرشی یەکەمیان بەفڕۆکەی بێفرکەوان ئەنجامدرا. ڕۆژی دواتریش لەلایەن لیوای ئەحرار عێراقی سەربە بەرەی مقاومەی ئیسلامی، (١٠) موشەک ئاراستەی هەمان بنکەی سەربازی تورکیا کرا. لەلایەکی دیکەوە بەوتەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٧ی تەموز کونسوڵخانەی تورکیا لەموسڵ بە چوار گولە هاوەن کراوەتە ئامانج، ڕاشیانگەیاند تیمی کونسوڵخانەکە لە هێرشەکەدا سەلامەت بون و هیچ زیانێکیان بەرنەکەوتوە. پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٨ی تەموزیش سەربازگەیەکی تورکیا لە بامەڕنێ لەرێگەی دو موشەکەوە کرایە ئامانج، بەبێ ڕاگەیاندنی زیانەکانی.

## سیناریۆی دوەم: وەستانی پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسی و ئابورییەکانی نێوان بەغداو ئەنقەرە بۆ ماوەیەکی کاتی

لەگەڵ بەردەوامبونی سیناریۆی یەکەم و ملنەدانی تورکیا بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی روداوەکەی سەیرانگای پەرەخ، ڕاستەوخۆ دۆخەکە سەردەکێشێت بۆ هاتنە ئارای ئەم سیناریۆیە. چونکە لەئێستادا سیاسەتمەدارانی عێراق کەوتونەتە ژێر فشارێکی بەهێزی شەقامی عێراقی و داوای هەڵویستی کرداری لەعێراق دەکەن، بەرابەر بەتورکیا. ئەوەشی کە عێراق لەئێستادا دەتوانێت بیکات، ئەوەیە کەپەنابباتە بەر بەکارهێنانی کارتی ڕاگرتنی پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسی و ئابورییەکان لەنێوان هەردو وڵات ئەگەر بەشێوەیەکی تاک لایەنەش بێت، بۆ ماوەیەکی کاتی. وەک ئەوەی کەلەئێستادا عێراق وردە وەردە دەستی داوەتێ و دەیەوێ لەرێگەی فشاری نەرمی دیبلۆماسی لەنمونەی بانکردنی باڵوێزی تورکیاو ناردنی پەیامی توندی نارەزایەتی عێراق بۆ تورکیا، نەناردنی باڵویزی نوێی عێراق بۆ تورکیا، یاخود پەنابردن بۆ کارتی سیاسی لەنمونەی سکاڵاکردن لەتورکیا لەئەنجومەنی ئاسایش، یاخود ڕاگرتنی گەشتی بۆ تورکیا و داخستنی ناوەندەکانی پێدانی ڤیزەی تورکی بەهاوڵاتیان، داواکردن بۆ بایکۆتی بازرگانی و شمەکی تورکی...هتد.

دەسەڵاتدارانی عێراق دەیانەوێت لەرێگەی ئەم کارتانەوە بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، فشارێک لەسەر تورکیا دروست بکەن، بۆ ئەوەی تورکیا بەرپرسیارێتی روداوەکە هەڵبگرێت و داوای لێبوردن لەخێزانی قوربانییەکان بکات و ئامادەی قەرەبو بێت و ئاستی هێرشەکانیشی

سنورداربکات، یاخود جوڵەو ئۆپەراسیۆنەکانی لەناوخۆی عێراق بۆ ماوەیەک رابگرێت. بێگومان بەمەش تارادەیەک ئاستی فشارە ناوخۆییەکان لەسەر دەسەڵاتدارانی عێراق کەمدەبێتەوەو بەتێپەربونی کات دۆخەکەش بەرەو خاوبونەوەو ئاسایی بونەوە دەروات لەنێوان هەردو وڵاتدا.

**سیناریۆی سێهەم: رێککەوتنی نوێ لەنێوانیان و سنوردارکردنی هێرشەکان**

بێگومان لەگەڵ هاتنە ئارایی سیناریۆی دوەم، دۆخەکە سەردەکێشێت بۆ روداني سیناریۆیی سێهەم، ئەمەش یەکێکە لە سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان، کە بەتێپەربونی کات و لەفەترەیەکی زەمەنی و لەچەند مانگی داهاتودا دۆخەکە بەرەوە ئاسایی بونەوە بروات لەنێوان هەردو وڵاتدا، ئەمەش دەرگا لەبەردەم هاتنە ئارایی رێککەوتن و دیالۆگ لەنێوان عێراق و تورکیادا، دەکاتەوە بۆ رەواندنەوەی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوانیان و سنوردارکردنی هێرشەکانی تورکیا لەناو خاکی هەرێمدا.

**سیناریۆی چوارەم: بچڕانی پەیوەندییەکان و چونە دەرەوەی تورکیا لەعێراق**

یەکێکی دیکە لەسیناریۆکان، بریتییە لەسیناریۆی بچڕانی پەیوەندییەکان و ناچارکردنی تورکیا لەرێگەی فشاری نێودەوڵەتی بۆ چونە دەرەوە لەسەر خاکی عێراق.

بەراورد بەسێ سیناریۆکەی دیکە، ئەم سیناریۆیە چانسی روداونی زۆر لاوازە، ئەوەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار:

- ✓ تورکیاو عێراق پەیوەندییەکی بەهێزی ئابوری و بازرگانی هەیە لەنێوانیاندا، بەجۆرێک ساڵانە قەبارەی بازرگانی نێوانیان (٢٠) ملیار دۆلارە. لەکاتێکدا عێراق تەنها هاوردەی کالای تورکیش دەکات و هەناردەی نییە بۆ تورکیا، واتە لێرەدا تورکیا سودمەندی یەکەم. ئەوە جگە لەبونی دەیان کۆمپانیای تورکی لەهەرێم و عێراقدا کەخەریکی کاری وەبەرهێنانن. بۆیە تورکیا هەوڵدەدات هیچ کات دۆخەکە نەگاتە ئەو ئاستەی عێراق پەنا بباتە بەر بایکۆتی تورکیا لەروی بازرگانی و ئابورییەوە. چونکە زیانێکی زۆری ئابوری بەردەکەوێت. لەدورمەوداشدا عێراقیش ناتوانێت لەسەر بایکۆتی کاڵاو شمەکی تورکی بۆ ماوەیەکی درێژ

بەرەوام بێت، چونکە تائێستا بەدیلەکانی بەچەشنێک نین، کەبتوانن بەونرخەی تورکیا یاخود کەمتر تەواوی پێداویستییەکانی ناوخۆی عێراق پڕبکەنەوە.

✓ ئەگەر عێراق تاکلایەنەش بچرانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا رابگەیەنێت، ئەوا ئەم هەوڵە ناتوانێت زۆر بەرەوامی هەبێت، تورکیاش لای خۆیەوە بەچەند رێگەیەک دەتوانێت فشار بۆ عێراق دروست بکات، بەنمونە لەرێگەی گرتنەوەی ئاو لەعێراق، بەنمونە بەپێی قسە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو تورکیا لەئێستادا تەنها (٢٠٪) ئاوی بەروی عێراقدا بەرداوەتەوە، بۆیە لەگەرێکی لەو جۆرەدا دور نییە تورکیا ئەو رێژەیە زۆر کەمتر بکاتەوەو بەتەواوی کێشەی کەمئاوی بۆ عێراق بهێنێتە گۆڕێ.

✓ دۆخی پڕ کێشەیی ناوخۆی سیاسی و ئابوری، هەریەک لەعێراق و تورکیا، لەکاتی ئێستادا یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی هەریەک لەم دو وڵاتە دراوسێیە، لەپاڵ کێشە جۆربەجۆرەکانی ناوخۆیاندا وزەی خۆیان بۆ بەردەوامیدان بەململانێی یەکتر تەرخان بکەن.

تورکیا لەپاڵ عێراقدا، پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسی و ئەمنی و ئابوری، لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیە. بۆ نمونە لەروی ئابوری و بازرگانی و سامانی سروشتیەوە پەیوەندییەکی پتەوییان دروستکردوە. لەنێوان تورکیاو هەرێمدا گرێبەستی (٥٠)ساڵە واژۆکراوەو لەرێگەیەوە رۆژانە تورکیاو کۆمپانیاکانی لەنەوتی هەرێم سود مەنددەبن. بۆ نمونە کۆمپانیای (گینێڵ ئینێرجی) تورکی بەریتانی لەهەمو کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستاندا پشکییان هەیە، چەند کۆمپانیایەکی لۆجستی تورکیش لەکێڵگە نەوتییەکانی هەرێمدا کاردەکەن. هاوکات لەکێڵگەی غازی بنەباوەو میران، وەبەرهێنی سەرەکین. هاوکات تێچوی گواستنەوەی نەوتی هەرێم بەبۆری بەناو خاکی تورکیادا، تورکیا لێی سودمەند دەبێت.هاوکات تێچوی خەزنکردنی نەوتی هەرێم لەکۆگاو خەزانەکانی بەندەری جەیهان، بەهەمان شێوە تورکیا لێی سودمەند دەبێت. دواجار تورکیا بوەتە دەروازەی هەناردەکردنی نەوت و گازی هەرێم بۆ ئەوروپا، بۆیە تورکیا لەو نێوانەدا بوەتە یاریزانێکی سەرەکی و رۆڵی دیار دەگێرێت لەوبارەیەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی داتاکانی لقی سلێمانی یەکێتی هاوردەو هەناردەکارانی کوردستان لەساڵی رابردودا بە قەبارەی ٢٠ ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتان کراوە، لەو

ڕێژەیەش بە بڕی ١٠ ملیار دۆلاری لەگەڵ تورکیادا ئەنجامدراوە. ئەمەش واتە نیوەی مامەڵەی بازرگانی نێوان عێراق و تورکیا، لەرێگەی دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدەدرێت.
بەمجۆرە دەردەکەوێت، کەتورکیا لەهەرێمدا بوەتە خاوەنی بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابوری و بازرگانی. کەواتە تورکیا ئەگەر لەگەڵ حکومەتی ناوەندیشدا جۆرێک لەساردی بکەوێتە نێوانیانەوە، ئەوا ناهێڵێت هێڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێم (بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان) بپچرێت و لەو رێگەیەوە هەوڵ بۆ بەردەوامیدان بەپەیوەندی و مامەڵەی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەدات لەعێراقدا.

**سیناریۆی پێنجەم: سیناریۆیی پێکدادانی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان**

ئەمە یەکێکی دیکەیە لەو سیناریۆیانەی کەهەندێک لە شیکەرەوان باسی لەبارەوە دەکەن. بەڵام چانسی روودانی زۆر لاوازە، لەئێستادا هیچ یەکێکیش لەو دو لایەنە پەنا نابەنە بەر ئەم کارتە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەم دواییەیان. بەتایبەتی عێراق، چونکە وەک لای هەموان ئاشکرایە لەئێستادا توانای سەربازی عێراق بەتوانای سەربازی تورکیا بەراورد ناکرێت و عێراق ناتوانێت روبەروی تورکیا ببێتەوە، بەرپرسانی عێراقیش بەئاشکرا ئەم خاڵەیان باسکردوە. هاوکات لەئێستادا بۆ تورکیاش ئەولەویەت بۆ جەنگی هێزە کوردییەکانە لەعێراق و سوریا، نەک روبەروبونەوەی وڵاتێکی ناوچەکە. چونکە دۆخی تورکیاش لەروی ئابورییەوە بەجۆرێک خراپە، کەیارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی تورکیا بەرەیەکی دیکەی جەنگ لەناوچەکەدا لەخۆی کۆبکاتەوە. بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانیش  بۆ تورکیا، لەروی سەربازییەوە زیانی گیانی و مادیی بۆ تورکیا هەبوە. لەئێستادا بونی دەنگی نارەزایی لەسەر جوڵە سەربازییەکانی تورکیا لەسوریاو عێراق، فشاری بۆ سەر حکومەتی تورکیا دروستکردوە، ئەوە جگە لەخراپی دۆخی ئابوری و دابەزینی بێ وێنەی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی و زیادبونی دیاردەی هەژاری و گرانی نرخی شتومەک لەتورکیا، هەمو ئەمانە وادەکەن کە تورکیا لەم قۆناغەدا ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق تێکنەدات و هەوڵبدات ئاستی هێرشەکانی

سنوردارتر بکات، نەک ئاستی هێرشەکانی فراوانتر بکات و دۆخەکە بگەیێنێتە ئاستی پێکدادان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا.

ئەوە جگە لەوەی تورکیا، رۆڵی ئێران و ئەمەریکا لەعێراق لەبەرچاو دەگرێت و دەزانێت لەوەها دۆخێکدا، ئەمەریکاو ئێران وەک دو هێزی کاریگەرو یاریزانی سەرەکی لەناو عێراقدا، کێشەو فشاری زیاتر بۆ تورکیا دروست دەکەن.

بەواتایەکی دیکە هیچ یەکێک لەعێراق و تورکیا، ناخوازن دۆخی نێوانیان بگاتە ئاستی پێکدادانی سەربازی، بۆیە دواجار بژاردەی دانوستان و لێکنزیکبونەوەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان چانسی لەهەمو سیناریۆیەکی دیکە زیاترو بەهێزترە.

## دەرئەنجام

١. ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان شتێکی نوێ نییەو ریشەیەکی مێژویی هەیە. بەڵام ئەوەی ئەمجارە بەتایبەت بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان جێگەی مەترسیی و نیگەرانییە، بریتییە لەخواستی داگیرکردنی یەکجارەکی و نەکشانەوەی تورکیا، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە دور لەهەمو یاساو عورفێکی نێودەوڵەتی، بنکەو بارەگای سەربازیی تیادا دامەزراندون.

٢. بەهۆی بەردەوامی هێرش و پەلامارەکانی تورکیاوە زیانێکی زۆری گیانی و مادیی گەیشتوە بەسەرو ماڵی هاوڵاتیانی ناوچە سنورییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا. ئەمەش زۆرێک لەگوندنشینان و هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی ناچارکردوە، لەپێناو پاراستنی سەروماڵیان، زێدی خۆیان بەتەواوەتی چۆڵ بکەن.

٣. ئەوەی تەمەنی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیای لەهەرێم و عێراقدا درێژکردوەتەوەو دەستکراوەی زیاتری بەخشیوەتە تورکیا، بریتییە لەخەمساردی دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا، لەگەڵ نەبونی هەماهەنگی لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ دروستکردنی هەڵوێستێکی جدی و کۆنکرێتی، لەپێناو کۆتاییپێهێنان بە راگرتنی ئەو پێشێلکاری و پەلامارانەی کەماوەی زیاتر لە (٣٩) ساڵە تورکیا، بۆ سەر سەروەری خاک و ئاسمانی عێراق و سەرو ماڵی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات. نەبونی چارەسەرێکی ریشەییش بۆ ئەم پرسە، خاڵێکی یارمەتیدەرە بۆ بەردەوامی و دوبارەبونەوەی هێرش و پەلامارو بۆردومان و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەماوەی داهاتودا.

٤. سەرەرای پەنابردنی عێراق بۆ کۆمەڵگای نیودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش، دوای هێرشەکەی گوندی پەرەخ، بۆ گەیاندنی نیگەرانیەکانی عێراق و دروستکردنی پشتیوانی و رایەکی گشتی بۆ بەدەمەوەچونی داواکارییەکانی عێراق، سەبارەت بەپێشێلکارییەکانی تورکیادژی هەرێم و عێراق بەڵام تا ئەم ساتە ئەم هەوڵانە نەیانتوانیوە ئامانج بپێکن، لەدوایین کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا، سەرەرای ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام سەرەکۆنەی هێرشەکەیان کردو پشتیوانیان بۆ عێراق دەربری. بەڵام لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا هیچ بریارێک نەدرا لەبەرژەوەندنی عێراق دژ بەتورکیا.

٥. هەرچەندە حکومەتی بەغدا، بەرەسمی دەستیکردوە بەفشارکردن لەتورکیا بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هێرشەکەی گوندی پەرەخ. بەڵام تائێستا تورکیا بەرەسمی هیچ کاردانەوەو وەڵامێکی فشارەکانی حکومەتی عێراقی نەداوەتەوەو لای خۆیەوە بەردەوامە لەبۆردومان و پەلامارو پێشێلکارییەکانی. ئاشکراشە بۆردومان و هێرشی تورکیا بۆسەر ناوچە جیاوازەکانی هەرێم، شتێکی نوێ نییە، بۆیە ئەم روداوەش سەرەرای زیان و لێکەوتەکانی بۆ هەرێم و عێراق لەکاتی ئێستادا، بەڵام سەرئەنجام پێناچێت، ئەم روداوە دۆخەکە بگەیەنێتە ئاستێک کە پەیوەندییەکانی نێوانیان ئاڵۆزتربکات. بەو پێیەی لەچەند ساڵی رابردوشدا لەنمونەی ئەم دۆخەی ئێستا، لەنێوان عێراق و تورکیادا هاتوەتەئاراوە. وەک نمونەی دۆخی دوای هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هێزێکی پاسەوانی سنوریی عێراق لەسیدەکان. لە رۆژی ١٢ی ئابی ٢٠٢٠، ئەوەش دوای ئەوەی ژمارەیەک ئەفسەری سوپای عێراق لەو هێرشەدا بونە قوربانی. لەوکاتەدا حکومەتی عێراق بەکۆمەڵێک رێکار هەوڵیدا نیگەرانییەکانی بگەیەنێتە تورکیا، لەبەرامبەردا نەبونی وەڵامی فەرمی تورکیا بۆ رێکارەکانی عێراق دژی تورکیا، پاش ماوەیەک دەرگای کردەوە لەبەردەم ئاسایبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان. واتە هەرچەندە ئەو روداوە بۆماوەیەک جۆرێک لەساردی و نیگەرانی لەنێوان هەردولادا هێنایە ئاراوە، بەڵام بەتێپەربونی کات دۆخی نیگەرانی نێوانیان ئاسایی بویەوە.

لەئێستاشداو دوای روداوەکەی گوندی پەرەخ، هەمان سیناریۆ پێشبینی کراوە، دەربارەی ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا. بەوپێیەی لەنێوان ئەم دو دەوڵەتەدا جۆرێک لە (الآعتماد المتبادل) پشت بەیەک بەستنی ئاڵوگۆڕکار و زۆر بەرژەوەندی و خاڵی هاوبەش هەیە، کەوادەکات سەرئەنجام لێکنزیکبنەوە، نەک لێکدوربکەونەوە. واتە سەرەرای تێکچونی پەیوەندیەکانیشیان بۆ ماوەیەکی کاتی، دواجار تەنها رێککەوتن و لێکنزیکبونەوەو بونی پەیوەندی بەردەوام لەبەرژەوەندی هەردولادایە.

# ليستی سەرچاوەکان


١. گەيلان عەباس، گۆڕانكارييەكانی توركياو كاريگەرييان لەسەر پێگەی كورد، چاپی يەكەم، چاپخانەی بنكەی ژين، سلێمانی، ٢٠١٨.
٢. گەيلان عەباس، هێرشەكانی توركيا بۆسەر هەرێمی كوردستان: لێكەوتەو سيناريۆكان، لێكۆڵينەوەی ژوری توێژينەوەكان، ئابی ٢٠٢٠.
٣. عيماد الزميری، توركياو خۆرهەڵاتی ناوەراست، وەرگێرانی: شاناز رەمزی هيرانی، جاپی يەكەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٥.
٤. د.احمد عبدلعزيز محمود، تركيا فی قرن العشرين، جامعە صلاحدين، الطبعة الاولي، المطبعة رۆژهەڵات، اربيل، ٢٠١١.
٥. الدكتور حنا عزو بهنان قضية حزب العمال الكردستاني وانعكاساتها على العلاقات العراقية – التركية 1984 -2007 ، رئيس قسم الدراسات التاريخية والثقافية/ مركز الدراسات الإقليمية /جامعة الموصل.
٦. رائد الحامد، حزب العمال الكردستاني في سوريا والعراق، معهد العالم للدراسات، ٢٠١٧.
٧. د.عقيل حفوض، تركيا و الأكراد: كيف تتعامل تركيا مع المسألة الكردية؟، مركز العربي للأبحاث و الدراسة السياسيەو، قطر، ٢٠١٢.
٨. د. سعيد الحاج، عملية السالم مع أكراد تركيا أمام مفترق طرق، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٦.

٩. گەيلان عەباس، توركياو ئامانجی ئۆپەراسيۆنەكانی، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=2492&fbclid=IwAR17euWvNLFZpnYilO5CQ2JCgNnHzpXSqYlxj5EBIb9CcPKQL6wkH8FJh-Y

١٠.سەرۆكايەتيی كۆماری توركيا نەخشەی هێزەكانی لە هەرێمی كوردستان بڵاودەكاتەوە، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/06072020

١١.ليژنەكەی پەرلەمان: توركيا بەدرێژای ٤٠٠ كيلۆمەترسنوری زاخۆی بەزاندوە، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=25522&fbclid=IwAR0pqsHgc1gut2f4QBJATdX2n7NyBSbebFwGf8JN6go5eFBiU7D0UCgB2dU

١٢.سوپای توركيا لە نۆ شوێنی ستراتيژيی دەڤەری برادۆست جێگيربووە، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2407202018?fbclid=IwAR0klkitQoXzjM2lyFsUVF024X-vu1XnmMVW9_-4rGTlnysWLz5UYsZ5b9g

١٣.بنكە سەربازييەكانی توركيا لە باشووری كوردستان، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/8_o'clock_17032018

١٤.لە پێنج ساڵدا (٨٥) هاوڵاتی مەدەنی بەهۆی بۆردومانی فڕۆكە جەنگييەكانی توركياوە شەهيد بون، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=25401&fbclid=IwAR3jg2L2EjU8C2wPicKFGGGfaMTxJYPGUrVsvOuHUOkug1TuTHggvcCNcz4

١٥.ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان عێراق و توركياساڵانە ٢٠ مليار دۆلار بووە، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://nrttv.com/detail/14021

١٦.دوای بەغدا، پارێزگايەكی ديكەش داوای بايكۆتكردنی كاڵای توركی كرد، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://nrttv.com/detail/14031

١٧.رێكخراویCPT ی ئەمریكی: توركيا ٦٤ بارەگا و بنكەی سەربازيی لە هەرێمی كوردستان هەيە، پێگەی ئەليكترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2307202215

١٨.جارێکی دیکە بە مووشەک هێرش کرایە سەر بنکەی سەربازی تورکیا لە زێلکان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://nrttv.com/detail/13990

١٩.دوای هێرشەکانی؛ سوپای تورکیا خاڵێکی سەربازی نوێی لە دهۆک دامەزراندووە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://nrttv.com/detail/14047

٢٠.فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا سنوری ناحیەی چەمانکێ بۆردومان دەکەن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://nrttv.com/detail/14017

٢١.وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ تورکیا: گرژییەکان زۆر بەزردەکەینەوە و وەڵاممان دەبێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2207202216

٢٢.دژی تۆپبارانەکەی سنووری زاخۆ لە بەغدا خۆپیشاندان بەڕێوەچوو، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/210720221

٢٣.فوئاد حوسێن: ناوچە گەشتیارییەکەی زاخۆ بە ٤ تۆپ لەلایەن تورکیاوە تۆپباران کراوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/2007202210

٢٤.جەبار یاوەر: گومانم لە ڕاگەیێندراوەکانی عێراق لەبارەی بۆردوومانەکانەوە هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2806202012

٢٥.دەوڵەتی تورک ٣٧ ساڵە لە باشووری کوردستان کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8...

٢٦.وەزارەتی پێشمەرگە: تورکیا ٢٠ بۆ ٤٠ کیلۆمەتر و ئێران ١٠ کیلۆمەتر هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2706202015

٢٧.دەوڵەتی تورک چەنێک هاتووەتە ناو باشوری کوردستانەوە؟ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://rojnews.news/%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%....

٢٨.درەنگانی شەوی ڕابردوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چی ڕوویدا؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://nrttv.com/detail/14149

٢٩.د. فوئاد حوسێن داوا لە تورکیا و پەکەکە دەکات هێزەکانیان لە عێراق ببەنە دەرەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/2607202213

٣٠.تورکیا لە ئەنجوومەنی ئاسایش: عێراق نەتوانێت پەکەکە بوەستێنێت نابێت لۆمەی ئێمە بکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/270720221

٣١.د. فوئاد حوسێن سووربوو تورکیا هێرشی کردووەتە سەر زاخۆ و نوێنەری تورکیا ڕەتیکردەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/world/27072022

٣٢.وڵاتانی ئەنجومەنی ئاسایش چیان وت؟، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=59651

٣٣.وەزیری دەرەوە لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش: دەبێت تورکیا لە عێراق بچێتە دەرەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=59649

٣٤.تورکیا پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ هەرێم بەهێز دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.kurdsatnews.com/news.aspx?id=9440&mapid=1

٣٥. ماذا تعرف عن الاتفاقيات الأمنية بين العراق وتركيا؟
https://t4p.co/article/2022-07-22-agreements-between-iraq-turkey

٣٦. بعد خريطة الـ٣٧ موقعا.. ماذا تريد تركيا من العراق؟ على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/middle-east/1359532-%D8%AE%D8%B1%D9%8...

٣٧. 37نقطة عسكرية تركية داخل إقليم كردستان، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/video/1359399-37-%D9%86%D9%82%D8%B7...

٣٨. أحزاب عراقية تحذر تركيا من تأسيس حزام أمني، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/ahzab-raqyt-thdhr-trkya-mn-tasys-hzam-amny/altdkhl-altrky-fy-alraq?fbclid=IwAR17_bX4kRuH6KmydOSpHsU9d9Q8RhK_wATorO3UA0OSTWf4avA24rVox8E

٣٩. حزب العمال الكردستاني وتركيا: حرب دامية وعشرات آلاف الضحايا وآلاف القرى المدمرة، على الموقع:
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-53067339

٤٠. محطات من صراع تركيا وحزب العمال الكردستاني، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/events/2017/4/26/%D9%85%D8%AD...

٤١. "الكاظمي: نحتفظ بحقنا الكامل للرد على الاعتداءات التركية وسنتخذ الإجراءات، على الموقع:
https://shafaq.com/ar/%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A9/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7%D8%B8%D9%85%D9%8A-%D9%86%D8%AD%D8%AA%D9%81%D8

٤٢. مجلس الأمن الوطني يصدر ٨ قرارات رداً على القصف التركي في دهوك، على الموقع:
https://www.ina.iq/161245--.html

٤٣. السيد الصدر يقترح ٤ خطوات تصعيدية ضد تركيا، على الموقع:
https://www.ina.iq/161211--.html

٤٤. التواجد العسكري التركي في العراق .. متى ينتهي ؟؟، على الموقع:
https://almawrid.news/articles/view/details?id=2017

٤٥. المُتحدث باسم وزارة الخارجيَّةد. أحمد الصحاف، على الموقع:
https://mofa.gov.iq/2022/07/?p=32925

٤٦. المُتحدث بإسم وزارة الخارجيَّة د. أحمد الصحاف: على الموقع:
https://mofa.gov.iq/2022/07/?p=32931

٤٧. وزارة الخارجيَّة تستدعي السفير التركيّ لدى العراق وتُسلّمه مُذكّرة احتجاج شديدة اللهجة، على الموقع:
https://mofa.gov.iq/2022/07/?p=32908

٤٨. بيان صحفيّ، على الموقع:
https://mofa.gov.iq/2022/07/?p=32902

49. **TURKEY HAS 37 'MILITARY POINTS' IN NORTHERN IRAQ (MAP UPDATE)**
https://southfront.org/turkey-has-37-military-points-in-northern-iraq-map-update/